پارێزگاری سنە و شاندێک لە نوێنەرانی مەجلیس و قایمقامی مەریوان گەیشتنە هەرێمی کوردستان

پارێزگاری سنە و شاندێک لە نوێنەرانی مەجلیس و قایمقامی مەریوان گەیشتنە هەرێمی کوردستان.

ئیسماعیل زارعی کووشا بە پێشوازی پارێزگاری هەڵەبجە و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە هەرێمی کوردستان.

لەو سەردانەدا کە ئەمید کەریمیان نوێنەری مەریوان و سەوڵەوا لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی، هەروەها د. ئیسماعیل ئەحمەدی قایمقامی مەریوان و نوێنەری سەقز و بانە و ژمارەیەک بەرپرسی ئابووری و بازرگانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوڕێی پارێزگاری سنە بوون جەخت لە توانای سنە بە پەرەدان بە هاوکاری ئابووری لەگەڵ هەرێم کرایەوە.

زارعی کووشا بە ئاماژە بە گرینگی پەیوەندی فەرهەنگی و ئابووری ئێران و هەرێمی کوردستان جەختیکردەسەر دەفرایەتی پارێزگای کوردستان-سنە بە پەرەدان بە هاوکاری ئابووری، بازرگانی و فەرهەنگی لە بواری کشتوکاڵ، بازرگانی و پیشەسازی .

ڕاشیگەیاند کە پێشبینی ئەوە دەکەین لە کەبوونەوەی هەولێردا ڕێککەوتنی باشمان هەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە تایبەت بە چارەسەری کێشەی هاتۆچووی زیارەتکاران لە سنووری باشماخ و تەمەرچینەوە بە کەربەلا.